108
ژمارە
مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی شەشەم  ژمارە(١٠٨) ٢٥/١/ ٢٠١٠
بەکاتی بەتاڵانبردنی نەوتی فەککە



ئەحمەد تورک..لەنێوان حوکمەت و عەسکەردا
کاریکاتێری عەلی مندەلاوی  ل١٢

سوبعەت تاسەر ئێسقان www.gep-media.com




**ئۆخەی ئۆخەی بووک زێنێ.. نەوتی فەککە نامێنێ.. یا دەیفرۆشن بە ئێران! یا ئیرهاب دەیسووتێنێ!**
**بەغداش قەرزی ١٠٠ مووچە بۆ جنووب دەسەرفێنێ.. بەشی کوردی تیانییەو هەرێمیش خۆی ناخورێنێ!**
**پەروەردەی عێراق فەرمووی: کوڕ لەگەڵ کچ نەخوێنێ..حوکمەت و موعارەزەش..یەک لەوی تر دەخوێنێ!**

غەڵبەغەڵب

# میدیا بەشەرتی بڕبەن



محەمەد قادر

ماوەیەکە لە میدیاکانماندا باسوخواسی زمانی زبرە.. گەر ئاگات لەخۆت نەبێ وەکو چنگی پشیلە داغانت دەکات، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام بۆ چارەسەری هەر گرفتێک دەبێ لە ئەساسەوە سەروگوێلاکی داپلۆسیت، بۆئەوەی بەئاسانی عیلاجی دەردی بکەیت.

خۆ ناشوکری نەبێ گوێچکەی هەر بڵاوکراوەو کەناڵێ هەڵئەدەیتەوە، لەجیاتی زانیاری، یا نوکە چەقۆو مشتە بزمار و سەلکە تەور و پیک و چەکوشی لێ دەڕژێ! عبوەناسیفەی وەهای تێدا دەبینیتەوە ، ئەگەر پریشکە ئاگرێکی بەرکەوێ ، تەڕ و وشک دەکاتە مەخلەمە! یاخود هەندێکیشیان دیاریی هەنگوینی بەرتیل و مەکینەی ماستاو و عەریزەی داواکاریی زەوی ڕوکنی لێ دەچۆڕێ!

لەزۆر وڵاتانی جیهان وا باسی میدیاو ڕۆژنامەنووسی دەکرێ ، گوایە گەیاندنی زانیارییەکانە وەکو خۆی، بۆ ئەوەی بینەر بەرپێی خۆی ببینێ!

کەچی لای ئێمە ئەوەندە ترش و خوێ و موقەببەلات و سوپ و بەهارات و داو و دەرمانی پێوەدەکرێ، جاری وایە هەواڵ و زانیارییە سەرەکییەکە وەکو تڕی بن گۆم فت دەبێ و ملی خوێنەریش دەشکێنێ!

ئاخر بە چ مانایەک لە چاوپێکەوتنی سیاسییەکدا وێنەگرەکە بۆئەوەی کابرا بخاتە جەنگەوە ، گرتەیەکی هێندە تووڕە و گرژی دەگرێت، ئەگەر تێدا نەکوژرێ ، حەتمەن فەزح دەبێ! لەبەرامبەریشدا هەن بۆئەوەی موکافەئەیەک وەرگرن، مەنسوولێکی سەروبیچم خوار و سمێڵ بۆیاخمان لێ دەکەنە میلّ گیپسن و برادبیت!

پەیامنێری ئەفەنیی لە کاسێتێکی گفتوگۆی دوو سەعاتیدا چوار وشەی پچڕپچڕی چوار پەرەگرافی لەیەک دوور وەکو میکانۆ دەکا بە قونی یەکتردا و خوێڕیترین جنێو و بازاڕیترین هەڕەشەو لاوازترین پاکانەو درۆیینەترین درۆی لێ دەکات بە مانشێتێکی کەللە زل و قوڕی هەرچی دنیا هەیە بۆ کابرای دەگرێتەوەو لەخوتوخۆڕایی، یا دەیکاتە وەحشی فلیمی ترسناک لە خەڵکی، یاخود وا سووکی دەکات، کێشی پووشێکی بۆ ناهێڵێتەوە!

جا توخوا میدیای وەها ڕاستگۆمان هەبێ ، دوژنمان بۆچییە؟ سوێنتان لەسەرم نییە رۆژنامەی وا هەیە زمانی نووسینی ئەوەندە زبرە ، پاژنەی پێی پێ ساف و لوس بکە! بێژەری تەلەفزیۆنیی وا دەبینین، زمانی سمارتە ئاسا بۆیاخی سێ لۆریی سیکس ویلی پێ بهێنەرە سەر پلێت! پێشکەشکاری رادیۆی وەها هەڵتۆقیوە ، قسەو پرسیاری وەها رەق و زبر دەکات، وەکو بڕبەن بەهەر ڤۆڵتێکی تەگەری سەیارەیدا بهێنێ ، وای دائەماڵێ بە چوار تۆڕنەچی پێیان نەکرێ!

لەبەرامبەریشدا رۆژنامەلووسمان هەیە ، زمانی هێندە لووسە ڕەقسی بالێی لەسەر دەکرێت! زۆرجار وەزیرت بۆ (تەنویمی موگناتیسی) دەکات!

پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی لە زمانی زبر و لووس دوورکەوینەوە، هەموو میدیایەک لای خۆیەوە کۆرسێکی سەرلەنوێ فێرکردنی تاتی تواتی و کخە و بڤە و یەعە و پسپس و بزبزیان بۆ بکەنەوە، نەسیحەتێکی مەسئوولەکانیش بکەن ئەوەنە دۆلار نەدەن بۆ ملشکاندنی یەکتر، ئیتر نە زمانی دڕکاویمان دەمێنێ، نە عیبنەبێ هی لووس!



سەرکاتێر

ئەحمەد مندلاوی



ڕەوف حەسەن
rauf1945@yahoo.co.uk

# سۆنەریش دەزانێت!

پانگزە ساڵ بوو ئەو کیژە نەشمیلە نۆ ساڵانەیەی دراوسێمانم نەدیبوو چونکە خوا دەرووی بەڕەحمەتی لێکردبوونەوەو لە گەڕەکێکی دوورە شار خانوویان کردبوو، ماڵیان گواستبۆوەو لە کرێچێتی ڕزگارییان بووبوو. نوخشە لە منو لە ئێوەش! ئەم شەو ئێمەیان بیرکەوتبۆوەو بە سواری هەردوو دەبڵکابینەکەیان سەردانیان کردین. بەڵام چۆن سەردانێک؟! ئەوکاتە هەموویان شەش حەوت کەسبوون، کەچی ماشەڵڵایان لێبێت، بێجگە لە دایکو باوکو کوردۆی برایان ئێستە لە هەندەرانن! ئەمشەو لەبیستو پێنج تێپەڕیون، کچی گەورە ئێستە دایکی حەوت کوڕی هەرزەکارو سێ کچە عازەبە، برا ناونجییەکەیشی باوکی پێنج منداڵی گچکەی سەروپێی عەجوولە، لەوانەی ڕۆڵە لەبەر دایکیان هەڵدەگرن! خوشکە بچکۆلەکەیشیان دوو کچ، ئەم کیژە نەشمیلانەیەشمان نۆ ساڵیشە شوویکردووە، لەسایەی خواو مەولووی پێغەمبەرەوە تا ئێستە منداڵی نەبووەو تازە دووگیانە، دەنا ئێستە نە لە هۆڵەکەدا جێگەمان دەبۆوە دانیشینو نە ساردیو چاییو پیاڵەو پەرداخ بەردەکەوتو نەمیوە بەشیدەکردن، ئەمشەو ماڵەکەمان زۆۆۆر سەیری بەسەردا هاتبوو. منداڵە بەرمەمکانەو گاگۆڵکێکەرەکانی لێدەرکە، ئەوانیدی هەموو (زەی مووەحەد)! هەر چوار پیاوەکە شەرواڵ کورتو ریش قەڵەمیو بەرسمێڵکراوو کوڕە بێسمێڵەکانیش هەر شەرواڵ کورت! هەر چوار ژنەو کیژۆڵەکانیش یێکجۆر لەچکو یێکجۆر بەستنو تەرەقە! ڕوومکردە نەشمیلانەکەی جارانی خۆم کە ئێستە 25 ساڵەو مانگی خۆیەتی، خەریکبوو نەیناسمەوە وتم: تۆ (بەنازخان) نیت؟ زەردەخەنەیێکی ناسک گرتیو وتی: نا مامۆستا، جاران (بەناز) بووم، ئێستە ناوم (زەهرا)یە! وتم: کچی باش گاڵتە مەکە، کە لەداییکبووی باوکت پێیوتم ناوێکی خۆشت بۆ بدۆزمەوە، من ئەو ناوە خۆشەم لێنایت، بەشەرمەوە چاوێکی بۆ مێردەکەی هەڵبڕیو وتی: (بەناز)ەکەیان گۆڕی بە زەهرا! بە مێردەکەیم وت: کاکە گیان ناوەکەتم نەزانی، دوای ئەوەی بیسمیللاو ئەعووزوویێکی کردو خەریکبوو هەر سی جزمی قورئانم بە قیرائاتی سەبعەو ئیدغامو غوننەو ماباقی هونەرەکانی تەجویدەوە بۆ تەواوبکات، ئەوجا وتی: عەبدولقەههار! داچڵەکیمو خەریکبوو لەترسا هەڵبێم! بەسڵەمینەوە پرسیم: برای ئازیز! دیارە خەڵکی ئەو خوارەی؟ وتی: ئەبەد!! ئەبەن عەن جید خەڵکی ئەم شارەمو لە گەڕەکی حاجیحانیش لەداییکبووم، کاتی خۆی بە غەڵەت ناوی (توانا)ی کافرانەیان لێنابووم، پیاوچاکان بۆیان کردمە ئەم ناوە مبارەکە، پێموت: (توانا) یەعنی (قادر)، ناوێکی جوانی خواوەندە. وتی: ئێمە حەدمان نییە ناوی خواوەند لە خۆمان بنێین، ئێمە بەندەی ئەوین. بەڕاستی زۆر شەرمم بەخۆم هات. پڕبەدڵ حەزمدەکرد (حەسەنۆف)ی باوکم ناوی بنامایێ (عەبدولڕەئوفسکی)!!

ئیدی ناوی هەر کامێکیانم دەپرسی. هەر (موصعەبو خەدیجەو حوزەیفەو مەعصوومەو شەرحەبیلو ئومکەلسوومو ئەبوحەییانو ئەسماو تەڵحەو ئیمانو بیلالو بدوورو عەکرەمەو عەففانو سومەییەو حەنزەڵەو هاجەرو قەحتانو ڕوقییەو وەعدەڵلاو صەفییەو یەعروبو هەیسەمو..) ئەمجا ئەولادەکانی کوردۆی برایان لە هەندەران کە بەهۆی پاسپۆرتەکەیەوە نەیتوانیبو ناوی خۆی بگۆڕێت، لە (یەربووعو (حیمیەر)ەوە بۆیان ڕیزکردم تا بە (عەلقەمە)و (کولەیب)و (قەحتەبە)دەگات بۆیان ڕیزکردم.. حاشا وەلیللا ناوێکیانم تیایاندا نەبینی لە ناوی ئۆمەتی محەمەد بچێت!!

دوای ئەوەی بەڕوویەکی گەشەوە، پێموتن: (عاشت الاسامی!)و دڵنیاش بووم لەوەی حاڵی ئایینەکەمان و زمانی پیرۆزی عەرەبیش! لەم هەرێمەو هەندەرانیشدا. لە هەردوو سەردەمی ڕاشیدینو جاهلییەت مەحفووزترە! لەپڕ میوانداریی ئەو بەڕێزانە بووە مایەی (صەحوە)و بەئاگاهاتنەوەم و، لەو هەڵە گەورەیە پەشیمان بوومەوە کە ناوی کوردی کافرانەم بۆ نەشمیلانەی دووگیان دۆزیبۆوە! بۆیێ لێمپرسی: ئینشائەڵلا بەسەلامەتی منداڵکەت بوو؟ دیارە ناوێکی عەرەبی باشت بۆ داناوە! وتی: نا، لە ئێستەوە بەکوردی ناومانناوە کاکە (هاودین)! گەرچی تەواو سەرم لەو بلیمەتی و کوردایەتییەی ئەوانو ئەم دەبەنگییەی خۆیشم سوڕمابوو!! لێ بیرم نەچوو لێبپرسم کچی باش چووزانی سکەکەت کوڕە؟ مەگەر خوا بزانێ! زەردەخەنە جوانەکە گرتیو وتی: مامۆستا گیان! سۆنەریش دەزانێت!!

www.gep-media.com

GEP

Karikatur Magazeen
No:108 25th Janwery 2010

Axecutiv Editor : **Muhammad Qadir**
sardamm2003@yahoo.com

باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس

# شەوی (سەری) ساڵ...

سەری ڕۆژ دەستپێکردنی ئیشە، سەری هەفتە وەجبە گۆڕینە، سەری مانگ مەعاش وەرگرتنە، تەنها سەری ساڵ تاقە سەرە هیچی تیا ناگۆڕێ و وەکو خۆیەتی، کەچی لە زۆربەی سەرەکان مەقبولترە:

• سیعری میوانی بەرنامە دەفڕێ و بەسەرەش بەر تەلەفزیۆنەکان ناکەوێت، بەڵام جەماوەری چەپڵە بەلاشە!

• تاقە سەرە لەساڵێکدا کە ئینسان لەشەوەکەیدا هەست بە زەروورییەتی فرە تەلەفزیۆنی دەکات لە ماڵەکەیدا!

• لەو شەوەدا بۆ یەکەمینجار گۆرانیبێژان لە باقی میللەت جیا دەکرێنەوە، چونکە عموم لە جادەیەو ئەوانیش لە ستۆدیۆ ...

• ئەم سەری ساڵە تاقە سەرە کە ئینسان بە گەنجیەوە بۆی دەچێتە سەرەی پیرییەوە..

• تاقە سەرەیە کە هەموو کەسێک بۆی هەیە بیگرێ و بەر هەمووشیان دەکەوێت ..

• هەر لەم شەوەدا گەورەو بچوکی نامێنێ، ئەویش بە حوکمی تۆنتەرەقە تەقاندنەکەیەوە ..

• لەو شەوەدا مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوەو شاییەکەشی بۆ ئەکەن، کەچی بۆ بەیانیەکەی هەر کەسەو خۆی بە سەرچۆپیکێش ئەزانێ!

• تاقە شەوە ریکلام و ئیخباری تێدا تێکەڵ دەبێت! لەهەمووی خۆشتر لەو شەوەدا کەس لەکەس ناپرسێ عومرت بووە چەند ؟ بەڵام بەندە (٤٠) مین تۆنتەرەقەی پیری خۆی تەقاند !



کاریکاتێر

سالم سەلیم

پرۆژەی
ڕەنج بەخەسار